# لە ئاست نزادا

# محاڵ

# سەر شۆڕە



کۆسار هەورامی

ناوی کتێب : **له ئاست نزا محاڵ سەری شۆڕە**

ناوی نووسەر : **کۆسار عەرب هەورامی**

بابەت : **ئاشنا بوون بە چارەنووسی نزاکانمان**

تایپ : **کۆسار عرب هەورامی**

دیزاینی بەرگ و ناوەڕۆك : **سەیوان احمد ڕەشید**

چاپ : **چاپخانەی زانا**

ژمارەی تیراژ : **٥٠٠**

له بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانه گشتییەکان ژمارە سپاردن (**١٦٥٣**)ی ساڵی **٢٠٢٢** پێدراوە .

**(بۆ هیچ کەس و دەزگایەك نییە بەشێوەی ئەلەکترۆنی یاخود پەڕاو هەموو یان بەشێکی ئەم پەرتووکە لەبەر بگرێتەوە و بڵاوی بکاتەوە بە بێ مۆڵەتی نووسەر ، بە پێچەوانەوە بەرپرسیارییەتی یاسایی دەکەوێتە ئەستۆ )**

**دەزانم ئێستا بە هۆی زۆر پەرۆشیت بۆ زانینی**
**چارەنووسی نزاکانت ئارەزووی ئەوەت نییە**
**دابنیشیت پێشەکی پەرتوکەکە بخوێنیتەوە بۆیە**
**لاپەڕەکە هەڵبدەرەوە و با کەمێك دەردە دڵ بکەین.**

**تاوەکو ئێرە ئارامت گرتووە ئەم ماوە کورتەش**
**ئارامت هەبێت خۆ دونیا کاول و وێران نابێت**
**بەسەر یەکدا.**

# زانیارییەك بۆ تۆ

ئەم پەرتوکەی تۆ دەیخوێنیتەوە بەرهەمی گیرابوونی نزای نووسەرەکەیەتی،کاتێك سەرقاڵی نووسینی ئەم پەرتووکە بووم باوەڕ دەکەیت یاخود نا بەڵام کاتێك پێنووسەکەم دەخستە سەر پەرەیەك تاوەکو دەست بە نووسین بکەم بە شێوەیەك وەك بڵێی کەسێك بەتایبەت تەرخان کراوە لە تەنیشت منەوە بە من دەڵێت ؛ تۆ بەس بنووسە و کارت بە هیچی دیکە نەبێت !

یانی مێشکم بۆ وتە و دێڕێك نەدەگەڕا و لە جەنجاڵی و شوێنی وەهادا وتەیەك دەهات بە مێشکمدا پێنووس و پارچە پەڕەیەکم لەبەردەست نەبوو ناچار لە بەشی تۆماری دەنگی موبایلەکەمدا تۆمارم دەکرد و کاتێك دەهاتمەوە ماڵەوە لەسەر پەڕەیەك دەمنووسینەوە .

دڵنیابە لەوەی کە خودا ویستی خێری بە تۆ هەیە ، هەر بۆیە خوێندنەوەی ئەم پەرتووکەی لە چارەت نووسیوە.

# بۆچی نزاکانم وەڵام نادرێنەوە ؟!

ئەزیزەکەم ، تۆ لەلای خوداوە گەڕاویتەتەوە بۆ سەر زەوی ؟! گەر وەڵامەکەت بەڵێیە بە ئەرك نەبێت دووبارە تاوەکو لای خودا بڕۆرەوە منیش ماوەی ٣ ساڵە نزایەکم هەیە بزانە بۆچی تاوەکو ئێستا وەڵامی نەداومەتەوە، جوابێکم بۆ وەربگرە و بە زووی بگەڕێرەوە ، ئەوەم بۆ دەکەیت ؟!

من زۆر سەیرم لێ دێت کە ئێمەی بەندە بەم ڕۆژگارە ئەم قسە بێ مانایە لەسەر ئەو پارچە گۆشتەیە کە پێی دەوترێت زمان .

باشە تۆ چۆن دەزانیت کە نزاکانت وەڵام نەدراونەتەوە ؟! تەنها یەك ئاماژە یاخود بەڵگەیەك بدە بە من کە وەڵامنەدانەوەی نزاکانت پشت ڕاست بکاتەوە ، گەر دەڵێیت بەوەدا دەزانم کە وەڵام نەدراومەتەوە چونکە ئەوەی داوام کردووە وەك خۆی بۆم فەراهەم نەبووە ئەمە هەر کەسێك کەمێك مێشکی بکاتە کار زۆر نا تەنها کەمێك ئەم قسەیە ناکات .

دەزانی تۆ بەم قسەیەت خودا بە درۆ دەخەیتەوە !؟ چونکە خودا دەڵێت ؛ داوام لێ بکەن و منیش وەڵامتان دەدەمەوە . ئەمە گەر بە درۆ خستنەوەی خودا نەبێت چییە ؟!

ئێ تۆ هێشتا متمانەت بە وتەی خودا نییە ماڵت ئاوا بێت ئیتر داواکاری چی و نزای چی پێم ناڵێیت ؟!

بۆیە هەرچی زووە ئەم قسەیە لە هەر کەسێك و شوێنێکت وەرگرتوە فرێی بدە گەر وانەکەیت وتەکانی دواترم بۆ تۆ نییە و کتێبەکە بدە بە کەسێك کە بەو جۆرەی ئێوە بیر ناکاتەوە ،گەر دەڵێیت ؛ بۆچی وەڵام دانەوەی نزاکانم دوا دەکەوێت ؟

ئەوا کێشەیەکم لەگەڵ ئەمە نییە و دیارە ئارەزووی ئەوە دەکەیت کە ئاشنای هەندێ لە حیکمەت و یاساکانی خودا ببیت .

داوابکەن و منیش وەڵامتان دەدەمەوە، نەکەیت بە درۆی بخەیتەوە گەرنا کۆتای و چارەنووسی نزاکانت باش نابێت

## با بزانین کێیە داواکاری ئاڕاستەی خودا دەکات

وای دابنێ ئێستا خودای گەورە لە بەردەمتدایە  و ئەم پرسیار و داواکاریانەت لێ دەکات بزانە لە ڕووت دێت وەڵامی بدەیتەوە و داواکاریەکانی بۆ جێبەجێ بکەیت :

ئەی بەندەکەم ئەو موبایلەی نێو گیرفانتم پێ دەدەیت تاوەکو تەماشای بکەم بزانم چی تێدایە لە نامە و ڤیدۆ و وێنە و گۆرانی و قورئان؟ !  وەڵامەکەی لەلای خۆتە ....

ئەی بەندەکەم ئەوە بۆ کوێ دەچیت ؟ بۆ کافتریا و یانەی شەوانە یاخود بۆلای دیداری من دێیت و لێم دەپاڕییتەوە ؟ وەڵامەکەی لەلای خۆتە .....

ئەی بەندەکەم ئەوە جل و بەرگ وپۆشاکەکەت بۆ بەو شێوەیە نییە کە من داوام لێکردووی ؟ کوا بالاّ پۆشیەکەت؟ وەلاّمەکەی لەلای خۆتە .....

ئەی بەندەکەم ئەو نامانەی لە نێو موبایلەکەتدایە لە کێوە بۆت نێردراوە ؟ لەوەی ناوت ناوە کەپلّەکەم و هاوڕێ کچەکەم و هاوڕێ کوڕەکەم و بەبێ ڕێگەپێدانی من قسەی لەگەڵ دەکەیت ؟ یاخود گروپێکی ئاینییە و ڕۆژانە تێیدا بانگەواز بۆ دینەکەی من دەکەیت ؟ ! وەلاّمەکەی لەلای خۆتە ....

ئەی بەندەکەم ئەو قورئانەی کە بۆتم ناردوە ڕۆژانە ! نا مانگانە ! نا ! ئەی سالاّنە چەند جار دەیخوێنیتەوە ؟ یاخود هەموو شەوێك پەڕەیەکی لێ دەخوینیتەوە ؟ وەلاّمەکەی لەلای خۆتە .....

ئەی بەندەکەم ...................... بێ کۆتا داواکاری و پرسیار

ڕووی ئەوەت هەیە وەڵامی ئەو پرسیارانە بدەیتەوە ؟ ئارەقی شەرمەزاری دەرنابڕیت لەکاتی ئەم پرسیارانەدا ؟ تۆیەك وەڵامت پێ نەبێت بۆ پرسیارێکی خودا بە چ ڕوویەکەوە و چۆن جورئەت دەکەیت داواکاری ئاڕاستەی خودا بکەیت ؟ بەڵێ دەزانم خودا زۆر میهرەبان و بە بەزەییە بەڵام مانای نییە تۆ وەڵامی پرسیارێکت پێ نەبێت کە لە بنەڕەتدا خودا بە ئەرك لەسەرتی داناوە !!!

لانی کەم دەبێت کارێك بکەیت کە ڕووی ئەوەت هەبێت داواکاری ئاڕاستەی خودا بکەیت .

تەماشایەکی خۆت بکە و کەمێك بە خۆتدا بچۆرەوە پاشان داواکاری ئاڕاستەی خودا بکە

تەنها خۆت لە گێلی مەدە و خۆت فریو مەدە ئیدی بە ئاسانی بۆت دەردەکەوێت کە کردەوەکانت وەك ئەوەیە کە خودا داوات لێ دەکات یاخود پێچەوانەکەیەتی ، تەنها خۆت لەگێلی مەدە ،هەر ئەوەندە .

کۆسار هەورامی

## چۆن داواکاری ئاڕاستەی خودا بکەین

وای دابنێ کە تۆ دەڕۆیت بۆ سەردانی کەسێکی پلە بەرز و دەست ڕۆشتوو لەنێو شارەکەی خۆتدا تاوەکو کارێکت پێبدات و بەهۆیەوە بتوانیت مانگانە بڕێك پارە بەدەست بهێنیت ، بە جل و بەرگی نووستنەوە دەڕۆیت بۆ سەردانی ؟ خۆت بۆن خۆش ناکەیت ؟ بەشێوەیەکی لەسەرخۆ و نەرم و نیان لە دەرگای ژوورەکەی نادەیت ؟ پاشان پێی ناڵێیت ببورە لە کاتت دەگرم ؟

پێی ناڵێیت زۆر سوپاست دەکەم بۆ پێدانی ئەم دەرفەتی یەکتربینینە ؟ دوای ئەم هەموو پێچ و پەنایە ئەوجا داواکاریەکتی ئاڕاستە دەکەیت !

کارەساتەکەش لەوەدایە کە دڵنیا نیت لەوەی کارەکەت بۆ دەکات یاخود نا !!!!!!!!!!!!

هەموو ئەمانە بۆ دیداری بەندەیەك !!!! ئەی بۆ خودای گەورە؟!

دەڵێیت ئاخر ئەو خودایە ! ئێ خودایە دەتەوێت بڵێیت چی ؟ ئەی نابێت بزانیت چۆن بەڕێدەکەویت بۆ دیداری و بە چ شێوازێك داوای لێ دەکەیت !!؟؟

بۆن خۆشکردن بۆلای خودای گەورە بریتییە لە خاوێن کردنەوەی دڵ و دەروونت بە یەکجاری لە هەموو تاوانێکی ڕابردوو و وە ئەوەشی لە ئێستادا لەسەری بەردەوامیت و دەزانیت هەڵەیە ، لە دەرگا دانی خودا بریتییە لە دەست نوێژێکی پاك و بێگەرد.

سڵاوکردن لە خودای گەورە بریتییە لە ئەنجام دانی دوو ڕکات نوێژ کە تەواوی دڵ و دەروونت تێیدا پەیوەست ببێت بە خوداوە .

داوای لێبوردنت لە خودای گەورە بریتییە لە داوای لێخۆشبوون لەو هەڵانەی کردوووتە و بەڵێن دان بەوەی جارێکی دیکە ئەنجامیان نەدەیتەوە .

سوپاسکردنی خودا بریتییە لە دەربڕینی سوپاس و پێزانینی بەردەوام و بێ پایان لەبەرامبەر هەموو ئەو بەخشین و ئاسانکاریانەی کە بۆی کردوویت سەرەڕای تاوانباریت .

پاشان داواکاریەکەتی ئاڕاستە دەکەیت بەبێ هیچ پێچ و پەنایەك و دەڵێیت خودایە ئەمە و ئەوەم دەوێت .

وە مژدە خۆشەکە ئەوەیە کە دڵنیایت لەوەی خودا داواکاریەکەت بۆ جێەجێ دەکات .

## با بزانین داوای چی بکەین لە خودا

منداڵێك لە یەكێك لە مزگەوتەكاندا بە دەنگی بەرز دەپاڕایەوە و دەگریا داوای لە خودا دەكرد تاوەكو پایسكیلێكی جوانی پێ ببەخشێت ، پیاوێكیش بە بە نەزانی خۆی خۆی لێكرد بە زانا و پێی گوت : ڕۆڵە گیان خودا بۆ ئەوە نییە تۆ داوای پایسكیلی لێ بكەیت بەڵكو دەبێت داوای لێ خۆشبوونی لێ بكەیت ، منداڵەكەش بە دڵ شكاویەوە لە مزگەوتەكە هاتە دەرەوە و پایسكیلێكی دزی و ڕۆشتەوە ناو مزگەوتەكە و داوای لێخۆشبوونی لە خودا كرد لەسەر ئەو كارەی !!!!!!! گوێی بۆ قسەی كابرای نەزانی بەناو زانا ڕاگرت .

ئەم جۆرە قسانە كەسی خودا ناس و ژیر نایكات هەرگیز

هەر شتێكت دەوێت تۆ دەتوانیت داوا لە خودا بكەیت تاوەكو پێتی ببەخشێت ، بەڵام یەك یاسامان هەیە لەكاتی داواكردن !

ئەویش بریتییە لە یاسای داواکردنی منداڵ ، منداڵ کاتێك داوای شتێك دەکات ڕاستەوخۆ لەو ساتەدا پێویستی پێی هەیە و تەنها داوای شتێك دەکات کە لەو ساتەدا پێویستی پێی هەیە ، تۆش بەهەمان شێوەی منداڵ داوای شتێك بکە لە خودا کە لە ئێستادا ڕاستەوخۆ پێویستت پێی بێت نەوەك زۆر دوور بڕوانیت و شتانێکت بوێت کە بۆ بارودۆخی ئێستات گرنگ نییە .

## با بزانین مامەڵەی خودا چۆنە لەگەڵ بەندەکەی کاتێك داوای شتێکی لێ دەکات

بێگومان کاتێك بەندەیەك داوای شتێك لە خودای خۆی دەکات یان ئەوەتا ڕاستەوخۆ و دوای ماوەیەکی زۆر کورت خایەن داواکاریەکەی بۆ فەراهەم دەکات کە ئەمە ئارەزوو و ئاواتی هەمووانە ، بەڵام هەندێ جار خودای گەورە لەبەر چەند هۆکار و حیکمەتێکی خۆی ڕاستەوخۆ ئەو داواکارییەی بەندەکەی داوای دەکات پێی نابەخشێت و دوای دەخات بۆ کات و شوێنێکی دیکە کە تەنها خۆی دەیزانێ بە دڵنیایەوە ئەم دواکەوتنەش خێری خۆی تێدایە بەڵام ئێدی ئێمەی بەندە سرووشتمان وایە کە بێ ئارامین و دەمانەوێت دەست بەجێ ئەوەی دەمانەوێت خودا بۆمان بکات لەلایەکی دیکەوە خۆشمان دەست بەجێ ئەو داواکاریانەی کە خودای گەورە ڕۆژانە و بەردەوام داوای لێکردووین نەوەك هەر کەمتەرخەمین بەڵکو زۆر جار هەر ئەنجامیشیان نادەین ....

**بە هەر حاڵ لەبەر ئەوەی بەندەکانی خودا بێ ئومێدی و بیرکردنەوەی خراپ دەربارەی چارەنووسی نزاکانیان و خودای خۆیان بە دڵ و مێشکیاندا نەیەت ئێمە بەپێی ئەزمون و ئەوەی دەیزانین هەندێك لەو هۆکار و حیکمەتانەی کە خودای گەورە داواکاری بەندەکانی پێ دوا دەخات دەیخەینە ڕوو و بە دڵنیاییەوە هۆکارەکان لە بەرژەوەندی بەندەکەیەتی بەڵام ئیدی ئێمە بەهۆی نەزانی خۆمان درك بەو بەرژەوەندییە ناکەین .**

## دەیەوێت لەوە باشترت بۆ بکات کە تۆ دەتەوێت

لەم جۆرە مامەڵەیەم لە هیچ شوێنێك و لە هیچ بەندەیەك نەبینیوە تاوەکو ئەم ساتەی ژیانی مرۆڤایەتی ، تۆ داوای شتێکی لێ بکەیت بەڵام ئەو لەوە باشتر و گونجاترت بداتێ کە تۆ دەتەوێت بەڕاستی ئەم مامەڵەیە جێگەی تێڕامانە !

ئەی ئێمەی گەمژە بەرامبەر ئەم مامەڵە باش و بێ وێنەیەی خودا هەڵوێستمان چۆن دەبێت ؟!

کەسی وا هەیە دەڵێت نەخێر من هەر ئەوەم دەوێت کە خۆم داوام کردوە باشترم ناوێت !!!!!!!!!!   ئای لەوە !!!!!!! ئینکاری لەگەڵ خودا دەکات !!!!!!!

بەڕاستی ئەم هەڵسوکەوتە مایەی پێکەنینە ..... ئێستا تۆ وەرە ئاژەڵێك بهێنە سێ پارچە گۆشتی بۆ دابنێ ، بەڵام دوو پارچەیان لە شوێنێك و پارچەکەی دیکە لەلایەکی دیکە دابنێ بزانە ئاژەڵەکە بەرەو ڕووی کامیان دەڕوات دوو پارچەکە یاخود یەك پارچەکە ؟ بە دڵنیایەوە دوو پارچەکە . ئەمە ئاژەڵێکە بەرژەوەندی خۆی دەزانێت بەڵام تۆی مرۆڤ

که خاونی بیر و هۆشیت سەرەڕای ئەوە لەنێوان باش و باشترین دەڕۆیت باش هەڵدەبژێریت ، ئاخر ئەزیزەکەم ئەوە تۆ وا هەست دەکەیت کە ئەوەی خۆت هەڵیدەبژێریت باشترینە دەزانی بۆ ؟ چونکە پێناسەی خودا بۆ باشترین جیاوازە لە پێناسەی بەندەکان بۆ باشترین .

ئای چەند براوەیە ئەو کەسەی لەبەرامبەر ئەم مامەڵەیەی خودادا دەڵێت : خۆ من هەر داوا دەکەم کە تۆ باشتر لەوەم بۆ دەکەیت ئەوە چێژەکەی و بەهاکەی زۆر باشترە و خودایە هەزاران شکور بۆ تۆ کە بەم جۆرە مامەڵەیە شەرمەزارت کردووم .

## تۆی خۆش دەوێت

سەیرە ! یانی خودا منی خۆش دەویت ؟ بۆیە داواکاریەکانم بۆ دوادەخات ! بەڵێ گیان ، دەیەوێت کاتی پاڕانەوەکانت درێژە بکێشێت و کاری باشتر بکەیت و بەهۆیەوە لە خۆی نزیك ببیتەوە.

ئەی خۆت نازانیت کاتێك زۆر تامەزرۆی ئاواتێك دەبیت لەو ماوەیەی کە نزا دەکەیت بۆ ئەوەی خودا پێتی ببەخشێت کاری وا باش ئەنجام دەدەیت ئەگەر پێش ئەو نزاکردنە کەسێك پێتی گوتبا ئەو کارە بکە و خێرە هەر گاڵتەت پێ دەهات ، بەڵام ئێستا چونکە کارت بە خودایە و دەزانیت ئاواتەکەت لەلای ئەو زۆر ئاسانە ، جارێ هەر لە ڕێوە نوێژی سونەت زۆر دەکەیت و شەو نوێژ و بەردەوام یادی خودا لەسەر زمانت دەبێت و .........

دەی هەموو ئەمانە لە خودا نزیکت دەکاتەوە و خۆشەویستی خودا بۆ خۆت بە دەست دەهێنیت ، خوداش ئەمەی پێ خۆشە .

**دەڵێیت خودا بۆ پێی خۆشە من زۆر لێی بپاڕێمەوە ؟**

**ئەوە جارێ لە مانای بەندایەتی و خوداوەندی تێنەگەشتووی بۆیە ئەو پرسیارە دەکەیت ، گەر دەتزانی خودا چەندی پێ خۆشە بەندەکانی لێی بپاڕێنەوە ئەوا لە دوای هەموو نزاکردنێك دەتگووت : خودایە جارێ ڕاستەوخۆ داواکاریەکەم بۆ جێبەجێ مەکە با زیاتر و زیاتر لێت بپاڕێمەوە مادام تۆ هێندە پێت خۆشە ،**

## دەیەوێت تاقیکردنەوەت بکات

ئێستا تۆ دەڵێیت باشە من داوای شتێکم لە خودا کردووە نەوەك داوای تاقیکردنەوە ! دەی وایە ئەزیزم خۆ یاری منداڵان نییە هەر وا بە ئاسانی شتێکت پێ بدرێت ، خۆ دەبێت بزانێت شایەنی ئەوەیت کە داوای دەکەیت یاخود نا . تۆ کاتێك دەتەوێت مامۆستایەك لە زانکۆ یاخود پەیمانگاکەت لە وانەکەی خۆیدا نمرەی باشت پێ بدات نابێت چاوەڕێی ئەوە نەکەیت کە ئەو مامۆستایە تاقیکردنەوەت نەکات و هەموو جۆرە پرسیارێکت بۆ دانەنێت لە ئاسان و گران ، تا گیان بە هەموو جۆرێك تاقیکردنەوەت دەکات بە شیوازی کرداری بێت یاخود زارەکی تاوەکو بزانێت شایەنی ئەو نمرەیەیت ، دەی ئەمە بەندەیەکە بەو جۆرە مامەڵەت لەگەڵ دەکات تاوەکو نمرەیەکت پێبدات ئەی خودا؟!

دەبێت چاوەڕێی تاقیکردنەوەی زیاتر و گرانتریش بیت ئەزیزەکەم چونکە ئەمەی بڕیارە پێت ببەخشرێت لەلایەن خوداوەیە خودا ، بێگومان هەر شتێك بتەوێت بەدەستی

بهێنیت بەپێی بەها و باشیەکەی هەوڵ و ماندوبوونەکەت زیاد و کەم دەکات ، شتێکیش لەلایەن خوداوە بێت هیچ کەس گومانی لە بەرزی ڕێژەی بەهاکەی و باشیەکەی نییە بۆیە دەبێت چاوەڕێی هەموو جۆرە تاقیکردنەوەیەك بیت . ئیدی چۆن و کەی و لە کوێ تاقیکردنەوەت دەکات ئەوە خۆی دەزانێت تەنها ئەوەنە لەسەر تۆیە کە چاوێکت بکەیتە هەزار چاو و بە وریایەوە مامەڵە لەگەڵ پێشهاتەکان بکەیت تاوەکو بە سەرکەوتووی تاقیکردنەوەکە ببڕیت و ئەویش ئەوەی دەتەوێت پێتی دەدات .

بۆ نمونە ، تۆ داوای سامان  پارە لە خودا دەکەیت ، دوور نییە خودا لە جاران زیاتر هەژارت بکات و بێ پارەت بکات ! بۆ ؟ تا بزانێت هەوڵویستی تۆ چی دەبێت لەم بارودۆخەتدا ؟ دەڕۆیت دزی دەکەیت یان دەست لە خەڵکی پان دەکەیتەوە ؟ یان ئەوەتا ئارام دەگریت و دەڵێیت : خودایە من بەندەی تۆم مادامێك دروستت کردووم بە دڵنیایەوە رزق و سامانیشم پێدەدەیت و هەرگیز ڕێگەی خراپ ناگرمە بەر و لە دەرگای خڵکی نادەم تاوەکو دەرگای تۆم هەبێت .

## دەیەوێت تۆ لە ئامادەباشیدا بیت تاوەکو بتوانیت سوود لەو پێداویستیە وەربگریت کە لێی داوا دەکەیت

ئەوەیە دڵسۆز و میهرەبان ، تۆ داوای شتێکی لێ دەکەیت هەر خۆشی فێرت دەکات و دەتخاتە حاڵەتی ئامادەباشییەوە تاوەکو بە باشی بتوانیت چێژ لەو شتە ببینیت کە داوای لێ دەکەیت ،

باشە دەکرێت من داوای شتێك بکەم لە خودای گەورە کە شارەزای و لێهاتووی ئەوەم تێدا نەبێت کە مامەلەی لەگەڵ بکەم و وەك پێویست سوودی لێ وەربگرم ؟! بەڵێ دەکرێت و سەدان نمونەی لەو جۆرەمان هەیە ،

بە نمونە تۆ کاتێك داوای سامان و پارە لە خودا دەکەیت خۆ دەبێت بە جۆرێك ئیمانەکەت دامەزراو و جێگیر بکات تاوەکو ئەو پارە و سامانە لە شتی خراپ و تاواندا بەکار نەهێنیت و بەهۆیەوە دونیا و دوارۆژیشت بفەوتێت و ماڵ وێران ببیت .

**هەر بۆ زانیاریت من ماوەی سێ ساڵە لە نزاکانمدا داوای شتێك لە خودا دەکەم بەڵام هەست دەکەم گەر لە ئێستادا پێمی ببەخشێت ناتوانم بەباشی مامەڵەی لەگەڵدا بکەم و پێویستی بە ئەزمون و ڕاهینانی زیاتر هەیە کە دەبێت ئەنجامی بدەم تاوەکو لە داهاتودا نەفەوتێم .**

# ئەی مامەڵەی ئێمە لەگەڵ خودا چۆن بێت لە کاتی نزاکانماندا

**خودایە گەر ئەم داواکاریەم خێری تێدایە بۆمی فەراهەم بکە و ئەگەریش دەبێتە مایەی نەهامەتی و وێران بوونم لێمی دوور بخەرەوە**

دەبێت خۆت ڕادەستی ئەم دوو دێڕەی سەرەوە بکەیت و لە ناخی دڵتەوە دەری ببڕیت بۆ خودا نەوەك هەر تەنها قسەی سەر زمان بێت .

گەنجێك نزای دەکرد و دەیگوت : خودایە من زۆر تامەزرۆی ئەم ئاوات و داواکاریەم ئەگەر خێری تێدایە بۆم بە بەخشندەی خۆت بۆم دابین بکە و ئەگەریش خێری تێدا نییە ............... کەمێك وەستا و فرمێسك لە چاوەکانی هات و گوتی ئەگەر خێری تێدا نییە خێرداری بکە و بۆم دابین بکە تۆ خاوەنی باڵادەستیت و توانای گۆڕانکاریت لە هەموو

شتەکاندا هەیە ، نا ئازیزم بەو جۆرە نابێت ، دەبێت بڵێیت خودایە گەر خێری تێدا نییە و بەهۆیەوە لە تۆ دوور دەکەومەوە نەفرەتی لێبێت هەزار جار نامەوێت ، گەرچی زۆر تامەزرۆی ئەو داواکاریەش بم بەڵام خودایە تۆ گرنگتری لەلای من ، لەوانەیە خودا بەم قسەیەت ڕاستەوخۆ پێداویستیەکەت بۆ دابین بکات و بە دڵی خۆتت لەگەڵ بکات و فەرمان بکات و بڵێت : مادام بەندەکەم فەزڵ و گەورەی منی دا بەسەر ئاوات و هیواکانیدا هەرچیەکی دەوێت بۆی جیبەجێ بکەن .

ئەگەر چی تامەزرۆی زۆرت بۆ داواکردنی پێویستیەك لە خودا مافێکی خۆت بێت ، ئەوا نەفرەت لێ کردنی ئەو هیوا و ئارەزووەت دەبێتە ئەرك گەر لە خودات دوور بخاتەوە

کۆسار هەورامی

## یەقین و متمانەی تەواوت بە خودای خۆت هەبێت

ئەرێ ئەم یەقین یەقینە نەبڕایەوە ؟!! یانی چی من یەقین و متمانەی تەواوم بە خودا هەبێت ؟

من نازانم باسی یەقینت چۆن بۆ کراوە پێشتر ، بەڵام با من پێت بڵێم واتای چییە ، متمانە بوون بە خودا واتە دڵنیابوون لەوەی کە خودای گەورە داواکارییەکەت بۆ جێبەجێ دەکات بە بێ گوێدانە ئەوەی بارودۆخ هەرچییەك بێت .خودای گەورە نەخۆشییەکەت چارەسەر دەکات گەرچی چەندها کەس بەو نەخۆشییە گیانیان لەدەست دابێت. متمانە بوون بە خودا واتا خودای گەورە نازانێت محاڵ چییە . ئەمەش کەموکورتی نییە بەڵکو تایبەتمەندیەکە کە تەنها لە هێز و دەسەڵاتی خودادا بەدی دەکرێت ، محاڵ داهێنراوی مێشکی مرۆڤەکانە گەر نا لە قاموسی خودادا شتی لەو جۆرە بوونی نییە.

ماڵت ئاوا بێت خودا دەریای لەتکرد بۆ موسا ئەبێت ئاوات و داواکاریەکی لاواز و بچوکی تۆ چی بێت خۆ تۆ داوای ئەوەشت نەکردوە کە خودا دەریات بۆ لەت بکات .

زۆر مایەی شەرمەزارییە  لە ڕۆژێکدا چەند جارێك بە کەسێك ئیتر هاوڕێمان بێت یان خزم یان ...... بێت بڵێین متمانەمان بە تۆ هەیە و خەمم نییە و ........ بەڵام بەرامبەر ئەو خودایەی کە ئەو کەسە متمانە پێکراوەی تۆی درووست کردووە  بەدگومان و بێ متمانە بیت لەگەڵیدا.

# گومانی باشت بە خودای خۆت هەبێت

گومانی هەرچیەکت بە خودا هەیە کت و مت وەك خۆی دێتە دی،ئەوە گومانی باشی پێ ناوترێت نزا بکەیت و لەلایەکی دیکە بۆڵە بۆڵ بکەیت و بڵێیت بەخوا باوەڕ ناکەم قورسە و پارە نییە و هەر ئەمە بەشی منە و بەختم نییە و ........ دەی لەمنی وەربگرە چیت وت وەك خۆی دێتە دی ، دەزانی بۆ؟ چونکە خودای گەورە دەفەرمویێت : من لەگەڵ گومانی بەندەکەی خۆمم .

گومانت وایە دڵ خۆشت دەکات ، دڵنیابە دەیکات .

گومانت وایە هەرگیز بێ پارەت ناکات ، دڵنیابە نایکات .

گومانت وایە کێشەکانت بۆ چارەسە دەکات ، دڵنیابە دەیکات.

گومانی باش ببە تاوەکو شتی باش بێتە سە ڕێگەکەت

گەر گومانی خراپیش دەبەیت ! ئازادی ، بەڵام هەرچی ڕوویدا لە دوایدا لۆمەی هیچ کەس مەکە.

## هەر شتێك سەرەتاكەی لەگەڵ خواستی خودا نەبێت

## دڵنیابە كۆتاییەكەشی بە دڵی تۆ نابێت

ڕۆژێك كەسێك پێی گوتم كە زۆر نزا دەكات تاوەكو كەسێكی دیاریكراو ببێتە هاوسەری و خودا لە چارەی ئەمدا بینووسێت ، پێم گووت كێیە ئەم كەسە ئەوەندە تامەزرۆی ببێت بە هاوسەرت ؟ گوتی كەسێكە نزیكی ٣ ساڵ دەبێت پەیوەندی خۆشەویستیمان هەیە بە یەكەوە و هەموو شەوێك قسە دەكەین و بەساقە و بە قوربانی یەكتری دەبین خۆمان بە فیدای یەكتری دەكەین ،، ئەی بە خۆشی بێت !!!! ئەی سەرەتا پێش ئەوەی ئەم پەیوەندییە ببەستیت نوێژی استخارەت كرد و ڕاوێژت بە خودا كرد و بە خودا بڵێیت ئەگەر ئەم كەسە بۆ دونیا و دوارۆژم خێری تێدایە لە چارەمی بنووسە و ئەگەریش خێری تێدا نییە لێمی دوور بخەرەوە ، ئەم كارەت كرد؟! نەخێر . دەی دڵنیابە لەوەی كە بۆ یەك نابن و ئەو كەسە نابێتە هاوسەری تۆ لەوە دڵنیابە . چونكە یەكەم هەنگاوی تۆ و كەسی بەرامبەریشت لەگەڵ خواستی خودا یەك ناگرێتەوە و سەرپێچیەكی ڕوونی

فەرمانەکانی خودات کردووە ، تۆ لە تاوانێکی بەردەوامدا بیت چاوەڕێی خودا نزات لێ وەربگرێت !! تۆ نزا دەکەیت و بە دوایدا بە حەرامی قسە لەگەڵ کچی خەڵکیدا دەکەیت ، بۆیە ئێستاش خودا ئەو کارە هەڵەیەی ئێوە بەردەوامی پێ نادات و ئەو داوایەت بۆ جێبەجێ ناکات ، ئەی چی بکەم ؟! یەکەم شت کۆتای بەو پەیوەندییە خۆشەویستییە درۆیینەیە دەهێنیت ، پاشان لەشوێنی ئەوەی لە نزاکاندا داوای ئەوە لە خودا بکەیت ئەو کەسە بکات بە هاوسەرت دەبێت داوا بکەیت کە خودای گەورە باجی ئەو هەڵەیەت لەسەر کەم بکاتەوە جا باجەکە دەروونی بێت یان مادی و دونیایی بێت یان دوارِۆژی ، دەزانم بەم قسانەم دڵ گران دەبیت بەڵام ناڵێم بمبورە چونکە دڵسۆزانە قسەت بۆ دەکەم و کاری باش داوای لێبوردنی ناوێت .

**دڵنیابە ، دڵنیابە ، دڵنیابە ، هەر کارێك سەرەتاکەی لەگەڵ خواستی خودای گەورە یەکنەگرێتەوە کۆتایەکەشی بە دڵی تۆ نابێت.**

## هۆكارەكان بەدەست بهێنە پاشان نزا كاری خۆی دەكات

زۆر دەترسم ئەم قسەیە بكەیت : جا ئەگەر من بتوانم هۆكارەكان بەدەست بهێنم ئیتر بۆچی نزا بكەم !!!!!!!!
ئەمە مانای بێوەفای و سپڵەیی بەندەكانە بەرامبەر خودا ، واتە ئەگەر من خۆم كارەكە بكەم ئیتر خودام بۆچییە !!!!!!!!
بەو مانایە دێت بەس ڕووت نییە بەو جۆرە دەریببڕیت .
داوای پارە و سامان دەكەیت ؟ ئێ خۆ بە نیاز نیت خودای گەورە لە ئاسمانەوە هەزار دۆلارت بە یەكێك لە مەلائیكەتەكانیدا بۆ بنێرێت ؟!!!! تۆ بجوڵێ ئەزیزەكەم بە جوڵەكانت پەرۆشیت بۆ داواكاریەكەت بۆ خودا زیاتر دەردەخەیت ، ئێمە پێغەمبەر(ﷺ) نین تاوەكو لە ئاسمانەوە مەلائیكەتمان بۆ دابەزێتە سەر زەوی.
خۆ گەر كەوتیتە بارودۆخێكەوە نەتدەتوانی هیچ كارێك بكەیت بە هەر هۆكارێك بێت و دەست و پێت كۆت و بەند كرابوو ئەوا لە نزاكاندا بڵێ :

**خودایە خۆت ئاگاداری بارودۆخی منیت و دەست و پێم بەستراوە تاکە چەکی من لە ئێستادا ئەم نزایەیە ئەویش خۆت پێت بەخشیووم بە بەخشندەی خۆت هۆکارەکانم بۆ ئاسان بکە ، تۆ دەسەڵاتت بەسەر هەموو شتێکدا هەیە .**

## ئایا پێویست دەکات ئەو نزا و داواکارییەم بەردەوام دووبارە بکەمەوەوە و هەمیشە لەسەر زمانم بێت

تۆ پێویستە لەسەرت کە بەردەوام بیت لەدووبارەکردنەوەی نزاکانت ئەویش لەبەر دوو هۆکار :

**یەکەم** : تاوەکو بۆ خودای گەورەی بسەلمێنیت کە زۆر تامەزرۆی ئەو داواکاریەیت و پێویستت پێی هەیە .
**دووەم** : تاوەکو پەیامی ئەوە بدەیت بە خودا کە تۆ زۆر سووریت لەسەر ئەو داواکاریەت و دەتەوێت بە دەستی بهێنیت بە هەر نرخێك بێت .

گەر زمانت بە زۆر داواکردنی شتێك ڕاهات ئەوا مژدەت لێ بێت خودا دەیەوێت پێتی ببەخشێت.

**ابن عطاء الله السكندري**

# پەلەنەکردن لە جێبەجێکردنی داواکاریەکانمان

گەر دەزانی چەندێکە نزا دەکەم بەڵام خودا بۆمی جێبەجێ نەکردووە ؟! چەندێکە ؟ نزیکی سێ هەفتەیە ! مایەیی پێکەنینە !

پێغەمبەر یعقوب زیاتر لە ٤٠ ساڵ چاوڕێی جگەر گۆشەکەی کرد ڕۆژێك لە ڕۆژان نەیگووت خودایە بۆچی نزاکانم جێبەچێ نابن ، و بەردەوام دەیگووت : بڕۆن بە شوین یوسفدا بگەڕێن .

ئێستا تۆ دەڵێیت بابە ئەوان پێغمبەران بوون ئەی من چیم؟ ئێ باشە ڕاست دەکەیت بەڵام ئەی بۆچی خودا بەسەرهاتی ئەوانی بۆ ئێمە باس کردووە ؟ تاوەکو بە دیار خویندنەوەیەوە چا و قاوە بخۆینەوە ؟! یاخود کۆڕ و دانیشتنە ئایینیەکانی پێ گەرم بکەین ؟

بە دڵنیایەوە بۆ ئەوەیە گەر ئێمەش نزایەك یان کێشەیەك یان هەر شتێکمان هاتە پێش وانەیان لێ وەربگرین و لانی

کەم بە نیوەی ئەوان مامەڵە بکەین ، ئەو ٤٠ ساڵ چاوەڕێی کرد تۆ ٥ ساڵ بوەستە ، لەوانەیە بڵێیت جا ئەگەر من هێندە بوەستم تاڵە مووەکانی سەرم سپی دەبن ، من کارم بەوە نییە بەڵام شتی پاك و باش یەك تایبەتمەندی خۆی هەیە با هەر بزانیت ئەویش ئەوەیە :

**درەنگ دێت وە بە ئاسانی بەدەست نایەت ، کەمێك ناڕەحەتی و چاوەڕوانی دەوێت بۆیە پەلە مەکە .**

خودای گەورە دەفەرموێت :

**بەڵێنەکانی خۆم دەهێنمە دی و بەچاوی خۆتان دەیبینن بەس پەلە مەکەن . لەگەڵ تۆیەتی خودای گەورە ، پەلە مەکە .**

## دوای جێبەجێکردنی داواکارییەکەت نەکەیت بێ وەفایی بنوێنیت بەرامبەر خودای خۆت

چیبوو ؟ هەر وا زوو بیرت چوویەوە ؟ بارودۆخت چۆن بوو لە کاتی نزاکردنت ؟ ! نیو کاتژمێر پێش نوێژەکان خۆتت ئامادە دەکرد ، نوێژی سونەتت نەدەفەوتاند ، شەوانە لە شیرینی خەودا هەڵدەستایت و شەونوێژت دەکرد ، وەك منداڵ دەگریایت و لە خودا دەپاڕایتەوە ، چی ڕوویداوە ئێستا وا لە خۆت بایی بوویت ؟ !!!!!

باشە من جاران بۆ داواکردنی شتێك نزام دەکرد ئێستا کە خودای پێی داوم نزای چی بکەم ؟

بەر لەوەی پێت بڵێم بۆ چ شتێك نزا بکەیت ئەوەت پێ دەڵێم خۆی ئێستا کاتی نزاکردنە که ئاواتەکەت هاتوەتە دی.

ئەو کات بۆ داواکاردن بوو ئێستاش بۆ دەربڕینی سوپاس گوزاری بەرامبەر خودا کە ئاواتی چەن ساڵەتی فەراهەم

کرد،زۆر جار ئێمە کاتێك کەسێك کارێکی باشمان بەرامبەر دەکات ڕاستەوخۆ ئەم قسەیە دەکەین :

هەتاوەکو ئەمرم من مەمنونی تۆم و قەرزاری تۆم ......
ئەی بەرامبەر خودا !!!!
ئەگەر خودا ئەوەی پێی بەخشیوویت لێتی وەرگرتەوە بەهۆی بێ وەفاییتەوە لات سەیر نەبێت .

گەر داواکردنی شتێك لە خودا مافێکی خۆت بێت
ئەوا کاتێك پێی بەخشیت دەربڕینی سوپاس گوزاری
بەردەوامت دەبێتە ئەرك.

کۆسار هەورامی

# چەند دێڕێك بۆ ئەوەی چێژێکی تایبەت ببەخشیت بە نزاکانت

خودایە ، یەکێك لە درووستکراوەکانت کە جبرەئیلە تەنهاو تەنها یەك باڵی مەوداکەی لە ڕۆژهەڵات بۆ ڕۆژئاوایە ئەی ئەبێت ئەو داواکارییەی من چەندە ئاسان و بچوك بێت لەچاو هێز و دەسەڵاتی تۆ .

خودایە ، من دان دەنێم بەسەرجەم تاوانەکانمدا ، دان دەنێم بەسەرجەم ئەو بەخششانەی تۆ پێتداوم سەرەڕای نامەردی و ئەم خراپییەی من .

خودایە ، دەزانم من تاوانەکانم هێندە زۆر و قێزەونن لە ڕووم نایەت باسیان بکەم لەلای خەڵکی ، بەڵام بە ڕەحمان و ڕەحیمی خۆت گەڕاومەتەوە لای تۆ .

خودایە ، بە مانای وشەی ئومێد ئومێدم بە تۆ هەیە .

خودایە ، هەرگیز ئەوە متمانە و یەقینی من نەبووە بە تۆ
کە دەستی تکاکاریم بە بەتاڵی بگەڕێنیتەوە .

خودایە ، هەڵەیەك بوو من كردم ، تكات لێدەكەم باجی
هەڵەكەم  لەسەر ئاسان  بكە .

خودایە ، ئەوەی من لێتی داوا دەكەم هێندەی مێشولەیەك
نابێت لەچاو خەزێنەكەی تۆ .

خودایە ، سوێن بێت بە گەورەیت ، تاوەکو ئەم داواکاریەم
بۆ فەراهەم نەکەیت سەنگەری نزاکردن چۆڵ ناکەم .

خودایە ، نزا و داواکاری شتێك مخەرە سەر زمانم گەر
ویستت لەسەری نییە پێمی ببەخشیت ، ئاخر ئیمانی من
هێندە بەهێز نییە دەترسم بەو پێ نەبەخشینەت سەرم لێ
بشێوێت و گومانی خراپت پێ ببەم .

هەندێ لە بەسەرهاتی بەندەکان لەگەڵ
نزادا ، بۆ ئەوەنا کە بە
دیارخوێندنەوەیانەوە چا و قاوە بخۆین
،بەڵکو بۆ ئەوەیە کەمێك وانەیان لێوە
فێرببین.

# گەنجە ددان شکاوەکە

گەنجێك دەگێڕێتەوە دەڵێت : یەکێك لە ددانەکانم شکابوو بەهۆکارێك ، کاتێك کە وێنەم دەگرت نەمدەتوانی بە خواستی خۆم پێبکەنم چونکە ددانە شکاوەکەم دەردەکەوت لە وێنەکەدا شێوەی ڕوخسارمی ناشرین دەکرد ، بۆیە بڕیارمدا سەردانی دکتۆر بکەم بە مەبەستی چاکردنەوەی ئەو ددانەم و دکتۆر پێی گووتم کە تێچووی چاککردنەوەی ددانەکەم ٢٥ دۆلارە ، منیش ئەو کات خوێندکاری زانکۆ بووم لە دەرەوەی شارەکەی خۆم و بەشی ئەوە پارەم پێنەبوو وە پێشم خۆش نەبوو کە پەیوەندی بکەم بە خێزانەکەمەوە تاوەکو ئەو بڕە پارە کەمەم بۆ بنێرن و لەلایەکی دیکەشەوە دەمویست زۆر بەخێرای ددانەکەم چاك بکەمەوە تاوەکو بتوانم چیتر پێکەنینە جوانەکانم لە وێنەکاندا نەشارمەوە. لەم بیرکردنەوانەدا بووم گووتم : خودایە ئەوە من کارەکانم سپاردەی تۆ کرد ئەم هەموو دڵەڕاوکێیەی ناوێت.

هەفتەیەك تێنەپەڕی بەسەر ئەم قسەیەمدا پەیوەندیەکی تەلەفونیم بۆ هات و برا گەورەکەم بوو ، دوای سلاو و هەواڵ پرسین گوتی هیچ شتێکت پێویست نییە بۆتی بهێنم ؟ وتم بۆ له کوێیت تۆ ؟ گوتی هاتووین بۆ پرسەی دایکی دۆستێکمان لەهەمان ئەو شارەی کە تۆ لێی دەخوێنیت که چەن ڕۆژێك لەمەوبەر کۆچی دوای کردووه و پێمان نەزانیوه بۆیه هەر کە زانیوومانه ڕاستەوخۆ هاتووین بۆ پرسەکەی ، منیش گوتم : نا هیچم پێویست نییه تەنها بەر لەوەی لێره بڕۆن سەردانێکی من بکەن تاوەکو چاوێکم به دایکم و باوکم بکەوێت و هەواڵێکیان بپرسم ، کاتێك هاتنه لای من دوای سلاو و دەست ماچکردنی دایك و باوکم باوکم گوتی بگره ڕۆڵه ئەوه بڕێك پارەیه با هەر پێت بێت نەوەك پارەت لێ ببڕێت ، منیش بەبێ وەی بزانم پارەکه چەندێکه کردمه نێو گیرفانم، دوای ماڵئاوای کردن لێیان ، ئەو پارەیەی که باوکم پێیدام له گیرفانم دەرهێنا و تەماشا دەکەم بڕەکەی ٢٥ دۆلاره بەبێ زیاد و کەم !!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!

خۆ ناڵێیت ئەمه به ڕێکەوت بووه ؟!

کەسێك بمرێت له هەمان شاری کە ئەو کەسه لێی دەخوێنێت و کەسوکارەکەشی بەو مردنه نەزانن و دوای

ماوەیەکی دیکە بڕۆن ، باشە گریمان تا ئێرە ڕێکەوت بوو ، ئەی باشە بۆ باوکی ئەم کەسە کت و مت و بەبێ زیاد و کەم ٢٥ دۆلاری دا بەو کەسە ؟ !
با ٣٠ یان ٢٠ دۆلار بوایە ! ، گەر کاری خودا نەبێت ؟!!!

**وانەی ئەم بەسەرهاتە :** گەر گوتت خودایە ئەوە من کارەکانم دایە دەستی تۆ و خۆت باشتر دەزانی چیم بۆ دەکەیت بەم جۆرەی گەنجە دان شکاو ! نا چونکم ئێستا ددانی چاك کردووە و بە خواستی خۆی پێدەکەنێ لە وێنەکانیدا، خودا بە جۆرێك کارەکانت بۆ ئاسان دەکات کە سەرت دەسوڕمێ لە چۆنیەتی ڕوودانیان .

# گەنجە ئاشقەکە

شەویك لەگەڵ هاوڕێیەکمدا لە شوێنێك دەماینەوە ، هاوڕێکەم زۆر بیری کچێکی دەکرد و زۆری خۆش دەویست بەڵام ئەو کچەکە هەمان هەستی نەبوو بۆ ئەم کوڕە و هەر وەك کەسێکی ئاسای قسەی لەگەڵ دەکرد ، بەڵێ گرنگ بوو لەلای بەڵام بەو جۆرە هەستەی ئەم کوڕە نا هەرچەندە قسەم بۆ کرد و گووتم ئەو پەیوەندییە سەرناگرێت و هەستەکە تەنها یەك لایەنەیە و بەبێ هۆ کاتی خۆت لەم کچەدا بەهەدەر دەدەیت و بڕۆ بیر لە کەسێکی دیکە بکەرەوە بەڵام سودی نەبوو وتی دەڕۆم دەست نوێژێ دەگرم و لە خودای گەورە دەپاڕێمەوە تاوەکو دڵی ئەو کچە والێ بکات و نامەم بۆ بنێرێت منیش دەستم کرد بە پێکەنینی گووتم باشە بڕۆ خوای گەورە کارت بۆ ئاسان بکات .ئەوەندەی من بەخەبەر بووم دەستی کرد بە نزاکردن و وەك مناڵ دەگریا تاوەکو کچێك نامەی بۆ بنێرێت !

تەواو دڵ و دەروونی بەتاڵ کردەوە لەگەڵ خودادا و شان و ملی ماندوو بوو هێندە لە سوجدەدا مایەوە ،دەستی لە

نزاکردن هەڵگرت و هاتەوە جێگەی نوستنەکە تا بخەوێت لەناکاو نامەیەکی بۆ هات تەماشا دەکات هەمان ئەو کچەیە کە ئەم نزای دەکرد تاوەکو نامەیەکی بۆ بنێرێت !

ئیدی لە خۆشیدا نەیدەزانی چی بکات و وتی کاك کۆسار بینیت ؟ ئەوەتا نامەی نارد ! تۆش هەر دەتگووت سەر ناگرێت ،منیش گووتم ئێستاش دەڵێم سەرناگرێت و خودا خۆشی دەوێیت و دەیەوێت وانەیەکت فێر بکات گەر پەلە نەکەیت بە چاوی خۆمان دەیبینین

بەهەر حاڵ من زۆر ماندوو بووم و خەوتم و ئەویش لە خۆشی نامەی ئەو کچە خەو لە چاوەکانی نەما و سەرقاڵی نامە ناردنی خۆی  بوو ،

بەیانی کە خەبەرم بوویەوە تەماشا دەکەم هاوڕێکەم زۆر بێزار دیارە و چاوەکانی سوور بووە !

لێم پرسی ئەوە چی بووە ؟! ئەو بارودۆخە چییە ؟ گوتی : ئەم شەو لەگەڵ ئەو کچە شەڕمان کرد و قسەی ناخۆشمان بەیەکتری گووت و لە خەفەتا نەخەوتوم ،

وتم چاوت لێیە شەو پێم وتی کە خودا خۆشی دەوێیت ؟

بە بێزاریەوە پێی گووتم ئەوە خۆشت دەزانی دەڵێی چی ؟

ئەی شەو بۆچی پێت گووتم خودا خۆشی دەوێیت و بۆچی

خودا نزاکەی وەرگرتم و نامەکەی نارد گەر دەیزانی من بەم جۆرە تاوەکو بەیانی بێتاقەت دەبم ؟؟؟
وتم خودا تۆی خۆش ویست و تۆش زۆر ئینکاریت دەکرد لە نزاکاندا تاوەکو ئەو کچە نامەیەکت بۆ بنێرێت ، بۆیە خودا بۆی کردیت تاوەکو پەیامی ئەوەت پێبدات کە بۆیە ئەو ماوەیە ئەو کچەم لێ دوور خستیتەوە تاوەکو هەموو شەوێك بەم جۆرە لە تاو خەم و دڵ شکاویت خەو لە چاوەکانت نەزڕێت
گەر شەو لە شوێنی ئەو داواکارییە داوای دڵ خۆشی و دڵ دانەوە و سەلامەتی دەروون و دڵت بکردایە لە خودا ئەوە بە دڵنیاییەوە ئاسوودە دەبوویت و بە ئارامی ئەمشەو دەخەوتیت .

**وانەی ئەم بەسەرهاتەمان :**

دەزانی کارێك خراپە هێندە کەلە ڕەقی مەکە لە نزاکاندا ، نەوەك خودای گەورە لە خۆشەویستی بۆت داواکاریەکەت بۆ جێبەجێ بکات و پاشان زیاتر بێزار ببیت ، ئاخر ئەم کوڕە باجەکەی بە خەفەت خواردنی شەو تا بەیانی دا ، لەوانەیە باجەکەی تۆ زۆر زیاتر بێت ، بۆیە لەم بارودۆخانەدا لە

نزاکاندا بڵێ خودایە خۆت باشترینم بۆ هەڵبژێرە و سەلامەتی دەروونیم پێ ببەخشە .

## ئەو کوڕەی ٤ ساڵ بە دوای کەسێکی گونجاودا دەگەڕا تاوەکو هاوسەرگیری لەگەڵدا بکات

کەسێکی نزیکم بۆی گێڕامەوە دەیگوت هاوڕێیەکم هەبووە ماوەی ٤ ساڵ وێڵ بوو بە دوای کەسێکی گونجاودا تاوەکو هاوسەرگیری لەگەڵدا بکات ، وەك باسی دەکرد بە نزیکەی ٢٠ جار داوای هاوسەرگیری لە کچان کردووە بەڵام یاخود ڕەتیان کردوەتەوە یاخود لەکاتی قسەکردن لەسەر هەندێك بابەتی ژیانی هاوسەرگیری ڕێك نەکەوتوون و بێ ئەنجام بووە تاوەکو هێندە بێزار بوو ئیدی دەستی لە بابەتی هاوسەرگیری هەڵگرت و پشت گوێی خست ، دوای ئەو ماوەیە من چوومە ژیانی هاوسەرگیری خۆمەوە و خودای گەورە کچێکی باشی بە نسیب کردم و دوای ماوەیەك ئەو هاوڕێیەم چاوی بە هاوڕێیەکی هاوسەرەکەی من کەوت و بە دڵی بوو بەڵام دەیگووت ئەگەری زۆرە ئەمەشیان ئەنجامی نەبێت و ڕێك نەکەوین بەڵام هەر خۆم تاقیدەکەمەوە و دەڕۆم قسەی لەگەڵ دەکەم ، دوای قسەکردن لەگەڵی دەیگوت لەگەل هیچ کچێکدا هێندە بە

ئاسانی و بەبێ کێشە لەسەر هاوسەرگیری قسەم نەکردووە و دەتگووت لە ئاسمانەوە ئەم کچە بە تایبەت بۆ من نێردراوەتە سەر زەوی ، سوپاس بۆ خودای گەورە ئێستا هاوسەری یەکترن و خاوەنی چەند منداڵێکن . سەرنج بدە ؛ دەبێت ئەو هاوڕێیەی دیکەی هاوسەرگیری بکات و پاشان هاوڕێی هاوسەرەکەی ببێت بە هاوسەری ئەم کوڕەی کە بۆ ماوەی ٤ ساڵ بە دوای کچێکی گونجاودا دەگەڕا .

## وانەی ئەم بەسەرهاتەمان :

خودای گەورە کاتێك ویستی لەسەر ڕوودانی شتێك دەبێت ماوەیەکی دیاریکراوی بۆ داناوە ، هەتاوەکو نەگاتە ئەو ماوەیە هیچ هێزێك ناتوانێت کارەکە پێش بخات جا ئیتر بەندەکانی چەندێك پەلەی لێبکەن و هەوڵی پێش خستنی بدەن ناتوانن ، وە گەر کاتی دیاریکراوی هات بۆ یەك چرکەش دواناکەوێت و وەك خۆی جێبەجێ دەبێت ، ئیتر چۆن چۆنی دەبێت ئەوەیان خۆی باشتر دەزانێت و لە توانای بیرکردنەوەی مرۆڤدا نییە درکی پێبکات .

## ئەو پیاوەی هێندەی نەمابوو لەبەر قەرزاری و بێ ماڵ و لانەیەك بکەوێتە سەر شەقامەکان

**زانایەکی ئاینیی دەگێڕێتەوە دەڵێت** : ڕۆژێك پیاوێك هاتە لام و پێی گوتم مامۆستا هێندەی نەماوە ژیانم وێران ببێت و ماڵ و منداڵم بکەونە سەر شەقامەکان ، پارەیەکی زۆری خەڵکی قەزدارم و چەند مانگە کرێی شوقەکەم نەداوە و نازانم چی بکەم ؟ گەر تۆ کەسێك دەناسی باری دارای زۆر باش بێت پێی بڵێیت تاوەکو هاوکاریم بکات ، مامۆستاکەش وتی : لە ئێستادا کەسی وەها نایەت بە مێشکمدا تاوەکو لەو هەموو کێشەیە ڕزگارت بکات ، تەنها و تەنها خودا هەیە و برۆ داوای لێ بکە تاوەکو ڕزگارت بکات چونکە ئەو لەهەموو لایەکمان سەرمایەدار ترە و دەوەڵەمەندترە ، **پیاوەکە پێی گووت** : مامۆستا بڕوابکە زۆر نزام کردووە ! **مامۆستاکە گووتی** : ئەم جارە برۆ بە شێوەیەکی جیاواز نزا بکە و بچۆ شوێنێکی تایبەت و دوور لە چاوی خەڵکی داواکاریەکانت ئاڕاستەی خودا بکە .

هەر هەمان ڕۆژ کە هێشتا شەوی بەسەردا نەهاتبوو کەسێکی زۆر سەرمایەداری وڵات پەیوەندی دەکات بە ئەو مامۆستا ئاینییەوە و پێ ڕاگەیاند کە چەند شوقەیەکی هەیە دەیەوێت بیبەخشێت بە هەژاران و داوای لەو مامۆستا ئاینییە کرد تاوەکو چەند کەسێکی شایستەی بۆ دیاری بکات !!!

**مامۆستا ئاینیەکە گوتی** : تووشی سەرسوڕمان بووم ! ڕاستەوخۆ پەیوەندیم کرد بەو پیاوەی کە هاتە لام و گوتی هێندەی نەماوە لە شوقەکەم دەربکرێم و ماڵ و منداڵم بکەونە سەر شەقام ، پێم گووت خێرا خۆت بگەیەنەرە لای من و ڕزگارت بوو لە هەموو ئەو کێشانەی کە باست کرد ، کاتێك پیاوەکە گەیشتە لای مامۆستا ئاینییەکە پێی گووت تەنها ئەوەندەم پێ بڵێ بزانم چۆن چۆنی نزات کرد و چیت گووت بە خودا بەو جۆرە دوای چەند کاتژمێرێك یەك شوقەی بێبەرامبەری بۆ ناردیت لە ئاسمانەوە ؟ !

**پیاوەکە گوتی** : ڕۆشتمە سەربانی باڵەخانەی شوقەکەمان و لەوێوە هەموو شارم لێ دیار بوو و بە دڵێکی شکاوەوە و چاوی پڕ فرمێسکەوە گوتم : خودایە وا من تەماشای ئەو هەموو خانوو و ڤێللا و باڵەخانە بەرز و هەور بڕانە دەکەم

هێندە زۆرن نازانم تەماشای کامیان بکەم ، ئەو هەمووەت بەخشییوە بەو خەڵکە هەر یەك بەجۆرێك و بە قەبارەیەك ، دەسا ئەی خودایە با منیش یەکێك بم لەو کەسانە و ببمە خاوەنی خانوێك تاوەك و ماڵ و منداڵەکانم نەکەونە سەر شەقامەکان .

**وانەی ئەم بەسەرهاتەمان :**

شوێن و شێوازی داواکردن و نزاکانت بگۆڕە ، دوور نییە خودا بەهۆی تەنها یەك وشەوە کە لەناو نزاکاندا دەیڵێیت ڕاستەوخۆ داواکاریەکەت بۆ جێبەجێ بکات .

## ئەو دوو هاوسەرەی هیچ نەبوو بیخۆن بۆ ژەمێکی ئێوارە

پیاوێك دەڵێت لە سەردەمێکدا کە نرخی خواردن و خواردنەوە زۆر بەرز بوو لە بازاڕدا ، ئێوارەیەك هێندە بێ پارە بووم نەمدەتوانی ژەمە خۆراکێك دابین بکەم بۆ خۆم و هاوسەرەکەم ، ناچار هاوسەرەکەم گووتی : پیاوەکە هەندێك لە کەلوپەلی ناوماڵەکە ببە و بیفرۆشە و لەناو بازاڕدا هەندێك نان بهێنە تاوەکو بیخۆین ، پیاوەکەش هەندێك کەلوپەلی نێو ماڵەکەی کۆکردەوە کە زۆر پێویست نەبوون بۆ ناو ماڵەکەیان ، لەناو بازاڕدا گەڕا تاوەکو کەسێك بدۆزێتەوە کەلوپەلەکانی لێ بکڕێت بەڵام کەس نەبوو ، بۆیە بە ناچاری گەڕایەوە ماڵەوە و لە ڕێگەدا پیاوێکی بینی بەدیار هەندێك ماسی کۆن بووەوە دانیشتوە و کەس لێی ناکڕێت ، ئەم پیاوەش لێی نزیك بوویەوە و پێی گووت : ماسیەکانت هێندەی نەماوە خەسار ببن و تێك بچن و وا ئێوارەشە و کەس لە بازاڕدا نەماوە ، وەرە ئەو ماسیانە بدە بە من و منیش ئەو کەلوپەلانەت پێ دەدەم ، ماسی فرۆشەکەش ڕازی بوو بە پێشنیارەکەی و ماسیاکانی پێدا ، پیاوەکە

گەڕایەوەماڵەوە بە خێزانی گووت ئەو ماسیانەم هێناوەتەوە ئامادەیان بکە بۆ ژەمی ئێوارە ، لە کاتی ئامادەکردنی ماسیەکاندا هاسەرەکەم بانگی لێکردم : پیاوەکە وەرە بزانە ئەم شتانە چییە ؟! پیاوەکەش کاتێك تەماشای کرد بینی لە کاتی هەڵدڕینی یەکێك لە ماسیەکاندا چەند شتێکی ورد و درەوشاوە لەنێو سکی ماسیەکاندا بووە و لە ئەندامی لاشەی ماسیەکە نەدەچوو !

پیاوەکەش ڕاستەوخۆ گومانی بۆ ئەوە برد کە ئەم شتە وردانە لەو مادە بە نرخانە بن کە لەنێو دەریاکاندا بوونیان هەیە ، بۆیە بەبێ وەستان کردینیە نێو تورەکەیەکەوە و تاوەکو نیشانی زەڕەنگەرێکی بدات ، پیاوی زەڕەنگەرەکە کە چاوی بەو شتانە کەوت تووشی شۆك بوو ! چونکە ئەوانە مرواری بوون کە جوانترین و بەنرخترین کەرەستەی جوانکارین لە هەموو جیهاندا و زۆر بە دەگمەن دەست کەسێك دەکەوێت بەڵام ئەو پیاوەی کە کەلوپەلی نێو ماڵەکەی بردە دەرەوە بۆ پەیداکردنی ژەمە خوانێك بە ئاسانترین ڕێگا و بەبێ هیچ ئامێر و گەڕانێك بۆی فەراهەم بوو ، هەڵبەت خودا ئاسانی کرد چونکە دەزانین کە ئەو جۆرە مادانە زۆر دەگمەنن لە تەواوی جیهاندا . کاتێك

مرواریەکانی فرۆشت بە زەڕەنگەرەکە بە نزیکەی ٢٥ تورەکە پارەی ئەو سەردەمەی هەڵگرت و گەڕایەوە بۆ ماڵەوە ،

لە ڕێگەدا پیاوێکی بەساڵاچووی پشت چەماوە و زۆر پەککەوتە هاتە سەر ڕێگەی ئەم پیاوە و داوای چەند درهەمێکی ئەو سەردەمە لێکرد تاوەکو ژەمی ئێوارەی پێ دابین بکات ، ئەم پیاوەش کە بارودۆخی ئەو پیاوەی بینی چەند کاتژمێرێکی بەر لە ئێستای خۆی کەوتەوە یاد کە نان نەبوو لە ماڵەکەیدا خۆی و هاوسەرەکەی بیخۆن ، بۆیە ئەم پیاوەش لەو ٢٥ تورەکەیەی کە پێی بوو ٥ دانە تورەکەی بەخشی بە پیاوە بەساڵاچووەکە.

## وانەی ئەم بەسەرهاتەمان :

یەکەم / بەجۆرێك خودا دەرگای بەخشندەی خۆیت لێ دەکاتەوە کە هیچ مرۆڤ و تەکنەلۆژیایەك ناتوانێت پەی پێ بەرێت .

دووەم / کاتێك خودا لە بارودۆخێك ڕزگاری کردی ئامان سەد ئامان نەکەی لە دوایدا بێ وەفا ببیت بەرامبەری ،

بیرت چوویەوە لە چ بارودۆخێکدا بوویت ؟! دڵت خۆشە ئێستا ؟ دەی هاوکاری ئەو کەسانە بکە کە دڵتەنگن و گوێ لە دەردە دڵیان بگرە و بەدەم کێشەکانیانەوە بچۆ .
زانیاریت پێیە لە بوارێکی دیاریکراودا ؟ دەی ڕەزیل مەبە ببەخسە بەو کەسانەی کە ئاستیان لە خۆت نزمترە لەو بوارەدا بیرت چوو دوێنێ خۆت چی بوویت .

## ئەو گەنجەی تامەزرۆی سەروەت و سامانێك بو كە خودا پێی ببەخشێت

گەنجێك دەیوت بۆ ماوەی سێ ساڵ لە خودا دەپاڕامەوە تاوەكو سەروەت و سامانێكم پێ بدات و بە زووی بكەومە سەر پێكانی خۆم و ببمە خاوەن كاری خۆم ، بەهۆی زۆر تامەزرۆیم بۆ ئاواتەكەم هەر كاتێك و كارێك هەبووایە كەسێك پێی بگوتبام بەهۆیەوە خودا نزاكانت وەردەگرێت و هەر پێداویستیەكت هەبێت بۆتی جێبەجێ دەكات بەبێ دوو دڵی ڕاستەوخۆ ئەنجامم دەدا ، نەمدەزانی شەو نوێژ چ چێژێكی هەیە بەڵام بەهۆی ئەوەی نزا لەكاتی شەو نوێژدا ڕەتناكرێتەوە هەموو شەوێك خۆم لە شیرینی خەو دەكرد و شەو نوێژم ئەنجام دەدا ، نەمدەزانی چوار ڕكات نوێژی پێش نوێژی نیوەڕۆ دەرگاكانی ئاسمان دەكاتەوە بۆم ، ئەنجامم دا ، نەمدەزانی نوێژی چێشتنگاو چییە ، ئێستا بەبێ ئەو نوێژە دڵم ئۆقرە ناگرێت ،بۆ ماوەی ٣ ساڵ زیاتر من بەم شێوەیە بەردەوام بووم ، تاوەكو بەشێوەیەكم لێهات كە گەشتبوومە ئاستێك لەگەڵ خودای خۆم كە خۆشم

**کەسایەتی خۆمم نەدەناسییەوە و بە خۆمم دەگووت ئەمە تۆیت ئەم کارانە ئەنجام دەدەیت ؟!**

**لەدوای ماوەیەکی کەم لە درووست بوونی ئەم کەسایەتییەم خودای گەورە بە هۆکارێك لە هۆکارەکان سەروەت و سامانێکی پێ بەخشیم کە زۆر زیاتر بوو لەو ڕێژەیەی کە من چاوەڕێم دەکرد ، وە چۆن دڵنیام لە بوونی خودا ئەوەندەش دڵنیام گەر سێ ساڵ بەر لە ئێستا خودای گەورە ئەو داواکارییەی بۆ جێبەجێ بکردامایە تەواوی ژیانم وێران دەبوو و سەروەت وسامانەکەم لە شتی بێ مانا و خراپدا خەرج دەکرد و بۆم دەبووە مایەی نەگبەتی و دەبوومە کەسێکی خراپەکار ، بەڵام ئێستا سوپاس بۆ خودا هێندە پەیوەندیم لەگەڵ خودادا باش بووە گەر خودا هەزار هێندەی ئەو سەروەت و سامانەی ئێستام پێببەخشێت هەر وەکو ئەم ساتە وابوو چونکە دڵنیام لەوەی کە شەرمکردنم لە خودا هێندە زۆر بووە  گەر چەکێك بخەنە سەر سەرم و بڵێن گەر فلانە تاوان ئەنجام نەدەیت دەتکوژین باکم نییە و ئەنجامی نادەم و دەڵێم فەرموو بمکوژن .**

**ئێستا بۆم دەرکەوت کە خودای گەورە بۆچی ماوەی ئەو ٣ ساڵە منی لە چاوەڕوانیدا هێشتەوە و بۆی جێبەجێ نەکردم.**

## وانەی ئەم بەسەرهاتەمان :

کاتێك داواکاریەکەت لەلایەن خوداوە دوا دەکەوێت دوور نییە بۆ ئەوە بێت کە تەواو ئامادەت بکات جا لە هەر ڕوویەکەوە بێت ، کەسایەتیت بێت یان لایەنی زانستیت یاخود هەر لایەنێکی دیکە .

بۆیە ملی خۆت مەشکێنە و چاوەڕوان بە تاوەکو کاتی خۆی دێت و دڵنیابە بەبێ هۆکار نییە دوا دەکەوێت .

چەند دێڕێك دەربارەی نزاکردن ،
بۆ وانە وەرگرتن نەوەك بۆ ئەوەی
لە تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان لەسەر
وێنەکانمان بینووسین.

# نزاکردن چەکی ئیمانداره

**پێشەوای مرۆڤایەتی محمد ﷺ**

**من خەمی ئەوەم نییە کە نزاکانم وەڵام بدرێنەوە ، بەڵکو خەمی ئەوەمە کە نەتوانم نزا بکەم .**

**عومەری کوڕی خەطاب**

**گەر داواکردن لە خودا مافێکی خۆت بێت ، ئەوا کاتێك پێی بەخشیت دەڕبڕینی سوپاسگوزاری بەردەوام دەبێتە ئەرك لەسەرت .**

**کۆسار هەورامی**

هەرگیز نزا و محاڵ لەگەڵ یەکتریدا یەك ناگرنەوە
بە هەبوونی نزا محاڵ ناوێرێت خۆی دەربخات ، بە هاتنی
نزاش محاڵ سەری خۆی شۆڕ دەکات .

کۆسار هەورامی

## لە ئاست نزادا محاڵ سەری شۆڕە

کۆسار هەورامی

ئەگەر دەتزانی خودا چەندی پێ خۆشە کاتێك بەندەیەکی لێی دەپاڕێتەوە و نزا دەکات دڵنیابە لەوەی لە دوای هەموو داواکارییەك دەتگووت : خودایە من زۆر پێویستم بەم داواکارییە هەیە بەڵام جارێ بۆم جێبەجێ مەکە مادام هێندە پێت خۆشە لێت بپاڕێمەوە ، تاوەکو بەردەوام بم لە پاڕانەوە.

کۆسار هەورامی

دواكەوتنی جێبەجێبوونی داواكاری بەندەیەك نیشانەی خۆشەویستی خودایە بۆی .

عمر عبد الكافي

دواكەوتنی جێبەجێ بوونی نزایەك مانای تووڕەی و زوویر بوونی خودا نییە بۆ بەندەكەی ، بەڵكو مانای ئەوەیە خودا دەیەوێت ئەو بەندەیەی ئاشنا بكات بە حیكمەت و یاساكانی خۆی .

د. خالد المصلح

خودای گەورە زەردەخەنە دەكات بۆ بەندەیەكی كاتێك هێندەی نەماوە داواكاریەكی بۆ جێبەجێ بكات بەڵام دەست هەڵدەگرێت لە نزاكردن و بێ ئومێد دەبێت .

پێشەوای مرۆڤایەتی محمد ﷺ

یەکێك لە نەهامەتیەکانی بەندەکان ئەوەیە کە پەلە بکات لە جێبەجێبوونی داواکاری و نزاکانی .

نادیار

هەر کاتێك خودا ویستی لەسەر ئەوە بوو کە شتێکت پێ ببەخشێت ئەوا نزاکردنت پێ دەبەخشێت ، واتە هەرکات خودا نزای پێ بەخشیت ئەوا ویستی لەسەر ئەوەیە کە پێتی بدات .

ابن قیم الجوزیه

یەکێك لە نیشانەکانی جێبەجێبوونی نزا و داواکاریەکانت ئەوەیە کە تۆ بەردەوامیت لە داواکردن .

د. شهاب الدین ابو زهور

هەرگیز نەکەیت بوەستیت لە نزاکردن

جلال الخوالده

داواکردن لە خودا + دڵنیابوون لە وەڵام دانەوە +
پەلەنەکردن لە جێبەجێبوون = جێبەجێبوونی داواکاریەکەت

ابن قیم الجوزیە

کەسی ئیماندار کاتێك کێشەیەك ڕووی تێدەکات سێ هونەر بەکاردەهێنێت :
ئارامگرتن . نزاکردن . چاوەڕوانی .

خائض القرنی

گەر لە دوای جێبەجێبوونی داواکاریەکەت  بێوەفا بویت بەرامبەر خودا ، لات سەیر نەبێت گەر خودا لەبارامبەردا ئەوەی پێتی داوە لێتی بستێنێتەوە .

کۆسار هەورامی

کارت بەوە نەبێت کە خودا کەی و چۆن و لەکوێدا داواکاریەکەت بۆ جێبەجێ دەکات تۆ تەنها ئەوەنەت لەسەرە نزا بکەیت و هیچی دیکە .

د. زانا احمد قصاب

لە هەر سات و شوێنێکدا بۆت دەرکەوت کە ئەوەی ڕۆژانێك داوات دەکرد لە خودا خێری تۆی تێدا بووە بۆت بۆیە پێی نەبەخشیوویت ئەوا لەو ساتەوە ڕۆژانە وتنی هەزار جار الحمدلله دەبێتە ئەرك لەسەرت .

کۆسار هەورامی

خودا خۆی دەزانی ئەوەی دەیبەخشیت
کەی باشە و چۆن باشە و بۆ کێ باشە و چەندێك باشە
بۆیە هەرگیز مەڵێ خودایە بۆ بە فلان کەست بەخشیوە و
بە منت نەبەخشیوە .

م.محمد ملا فائق شارەزوری

زۆر بە ڕاشکاوانە :
بە زۆر داواکردن لە خەڵکی سوك و ڕسوا دەبیت ، بە زۆر
داواکردن لە خودا ڕێزدار و سەنگین دەبیت .

کۆسار هەورامی

به من مەڵێ نزام بۆ بکە ! من هێندە تاوانم هەیە ڕووی داواکردنم نییە ، تەنها فریای ئەوە دەکەوم داوای لێخۆشبوون بکەم .
خۆت داوای لێ بکە پێدەچێت تۆ لە هەمووان پاك و بێگەرتر بیت .

کۆسار هەورامی

یان بە جۆرێك نزا بکە کە شایستە بێت بە گەورەی خودا یاخود بڕۆ داواکاریەکەت ئاڕاستەی کەسێك بکە کە شایستە بێت بەو شێوازە سارد و سڕەی داواکردنەکەت .

کۆسار هەورامی

بەر لەوەی تۆ نزا بکەیت خودا دەزانێ کە چیت دەوێت ، بەڵام خودا پێی خۆشە لێی بپاڕێیتەوە و گریان و ناڵەت ببیستێت .

کۆسار هەورامی

هەرگیز بە هیچ کەسم نەوتووە:  بەهیوای ئەوەی خودا نزاکانت وەڵام بداتەوە ، چونکە گومانم نەبووە لە وەڵام دانەوەی .

کۆسار هەورامی

محاڵ و ئاستەنگەکان تاوەکو ئەو ساتە دەتوانن ڕکابەرایەتی نزا بکەن کە فەرمانی جێبەجێبوون بۆ ئەو نزایە دەرنەچووبێت لەوە بەدوا ئیتر ناچارن پاشەکشە بکەن .

کۆسار هەورامی

گەر مرۆڤەکان دەیانزانی کە چ کاتێك دەمرن و کێ دەبێتە
هاوسەریان هیچ کات هەوڵییان نەدەدا لە ژیاندا
ئامۆژگاریم بۆت : هەرگیز نزای مردن و ئەوەی فلانە
کەس ببێتە هاوسەرت مەکە ، تەنها ئەوەنە بەسە تکای
ئەوە لە خودا بکەیت کە مردنێکی جوان لە چارەم بنووسە
و بە هاوسەری خراپ تاقیکردنەوەم مەکە .

کۆسار هەورامی

هەرگیز ئەم نزایە مەکە :
خودایە خراپتر نەدەیت !
چونکە خودا هەرگیز خراپ نادات
ئەوە ئێمەی مرۆڤین کە خراپین

کۆسار هەورامی

خودای گەورە یەکجار  تەماشای هەر بەندەیەك بكات ئەوا هەرچی لێ داوا بكات بۆی جێبەجێ دەكات ، خودا لەكاتی شەونوێژدا تەماشای بەندەكەی دەكات.

پێشەوای مرۆڤایەتی محمد ﷺ

نزاكردن چۆك بە محاڵ دادەدات

كۆسار هەورامی

نزا . دێوەزمەی محاڵەكانە

كۆسار هەورامی

## نزا ڕاوچی محاڵەکانە

**کۆسار هەورامی**

**هەموو نزایەك ڕاستەوخۆ وەڵام دەدرێتەوە ئەوە جێبەجێبوونەکەیەتی لە ژیانی واقعدا دوا دەکەوێت .**

**کۆسار هەورامی**

**کاتێك داوایەك ئاڕاستەی خودا دەکەیت بۆ ئەوەیە ڕاوێژ بکەیت بە خودا کە ئایا ئەم شتە باشە بۆم یاخود نا تاوەکو پێتی بدات نەوەك بۆ ئەوەی بزانیت کە خودا دەتوانێت پێتی بدات یاخود نا !!**

**کۆسار هەورامی**

که فەرمانی نزای پێکردوویت ، بە دوایدا ڕاستەوخۆ بەڵێتی جێبەجێبوونی پێداویت .

کۆسار هەورامی

**نزام بۆ بکە**

**ئەم دێڕە بەس دوو کەس بەکاریدەهێنن :**

**کەسێك خودای بەباشی نەناسیوە کەسێك باش خۆی ناسیوە و دەزانێت شیاوی ئەوە نییە داوا لە خودا بکات دەنا هەرگیز بە کەس ناڵێ نزام بۆ بکە و خۆی دەڕواتە بەردەم خودا .**

کۆسار هەورامی

نازانم چی هیوا و ئاواتێکت هەیە لە ژیاندا بەڵام ئەوەندە
دەزانم هەرچیەك بێت هێندەی مێشولەیەك نابێت لە
ئاستی هێز و دەسەڵاتی خودای گەورە .

کۆسار هەرامی

ئەوەی بە بێ هیچ کار و جوڵەیەك نزا دەکات وەك ئەوە
وایە تیری بێ کەوان بهاوێژێت .

پێشەوای مرۆڤایەتی محمد ﷺ

اذا الهمک الله دعاء دلیل انه اراد ان یستجیب لک
واتە:
هەرکاتێك خودای گەورە داواکردنی شتێکی خستە نێو دڵت
ئەوە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە خودای گەورە ویستی
لەسەر ئەوەیە کە پێتی بدات .

نادیار

## پەیامی کۆتایی :

هەرگیز بە هیچ کەسێکم نەوتووە بە هیوای گیرابوونی نزاکانت بۆیە ئێستاش ئەمە بەتۆ نالێم چونکە دڵنیام لەوەی خودای گەورە وڵامی هەموو نزایەك دەداتەوە ، خودای گەورەش دەفەرموێت : داوام لێ بکەن و منیش وڵامتان دەدەمەوە . جا من چۆن دەچمە ژێر باری هەڵەیەکی لەو جۆرە کە ئەم وتەیەی خودای گەورە بە درۆ بخەمەوە .

## تەنها یەك دێرم بۆت هەیە :

**هەرگیز دەست لە نزا کردن هەڵنەگریت**

## نووسەر لە چەند دێڕێکدا :

- نووسەری هەردوو کتێبی:
  - ❖ بۆچی هاوسەرگیری دەکەیت ؟
  - ❖ ١٠ هەنگاو بۆ ڕاوکردنی ئامانجەکەت
- شارەزا لە بواری گەشەپێدانی خود
- پێشکەشکردنی ڕاوێژ دەربارەی : چۆنیەتی خوێندن و پلان دانان بۆ بەدەست هێنانی ئامانجەکان ، بەهێز کردنی مێشك و تەرکیز ، کێشەی پەیوەست بە پەیوەندییە سۆزداریەکانی گەنجان .
- لە ئێستادا خوێندکاری قۆناغی پێنجەمی بەشی یاسا یە لە زانکۆی هەڵەبجە .

بۆ هەر تێبینی و ڕەخنەیەك دەربارەی ئەم پەرتووکە پەیوەندی بکەن بە نووسەر لەم ڕێگەی ئەمانەی خوارەوە :



٠٧٧٠ ٧٣٤ ٩١٤١

Kosar A. Mahmood

## کۆتایی هات بە پشتیوانی خودای گەورە

# پێرست


زانیارییەك بۆ تۆ .................................................... ١
دەزانم ئێستا ........................................................ ٢
بۆچی نزاكانم وەڵام نادرێنەوە .......................................... ٣
بابزانین كێ نزا دەكات ................................................ ٥
چۆن داواكاری ئاڕاستەی خودا بكەین .................................... ٩
بابزانین داوای چی لە خودا بكەین.................................... ١٢
بابزانین مامەڵەی خودا چۆنە لەگەڵ بەندەكەی ......................... ١٤
ئەی مامەڵەی ئێمە لەگەڵ خودا چۆن بێت ............................... ٢٤
چەند دێڕێك بۆ ئەوەی چێژێكی تایبەت ببەخشیت بە نزاكانت .... ٤٠
هەندێك لە بەسەرهاتی بەندەكان لەگەڵ نزادا .......................... ٤٥
چەند دێڕێك دەربارەی نزاكردن ........................................ ٦٥
پەیامی كۆتایی ...................................................... ٨٠

✵ هاڵەکان تاوەکوو ئەو ساتە ڕکابەرایەتی نزایان
پێ دەکرێت کە فەرمانی جێبەجێ بوون بۆ ئەو
نزایە دەرنەچوو بێت ✵